

# پرسی نەتەوایەتی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شۆڕش فەرامەرزی

ڕۆزا لوکسمبێرگ

پرسی نەتەوایەتی

## بەشی دووەم: دەوڵەت-نەتەوە و پرۆلیتاریا

پرسی نەتەوایەتی تەنیا بەو گومانەپێشینییەی کە دەڵێت سۆشیالیستەکان دەبێ لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی چینایەتیی پرۆلیتاریاوە لەگەڵی ڕووبەڕووببنەوە، چارەسەر ناکرێت. کارتێکەریی سۆشیالیزمی تیۆریک بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیەک لە لایەن بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کرێکاران هەستی پێکراوە و ئێستا هیچ پارتێکی کرێکاری یان سۆسیالیستی پەیدا نابێ کە ئەگەر هەموو ڕەوشتی بیرکردنەوەی مارکسیستیشی بەکار نەهێنابێ، لانیکەم لە زاراوە دانراوەکانی مارکسیستی کەڵکی وەرنەگرتبێ. نموونەیەکی نێودێری ئەوەش، پارتی سۆشیالشۆڕشگێڕی ئێستای ڕووسیایە کە لە تیۆریی خۆیدا ـ لەو بارەیەدا ـ بنچینەی بیرۆکەکانی، لانیکەم بەقەت ئەوەندەی کە لە Narodniki[1] و خواستی خەڵکی بەمیرات پێ گەیشتووە، لە قوتابخانەی مارکسیستیشی وەرگرتووە. لە ڕەوشتێکی ئاوادا، هەموو ئەو گرووپە سۆشیالیستییانەی ناو ڕووسیا کە ڕەنگی وردەبۆرژوای و ناسیۆنالیستی دەدەن، هەندێک ئاوات و خەیاڵی خۆیان هەیە کە ڕێک «لە بەرژەوندیی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم»دایە. سۆسیالدیموکراسیی پۆڵەندا، کە ئێستا ڕوو لە لاوازبوونە، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ ناسیۆنالسۆشیالیزمی باوکسالاری ساویلکانەی بەڕێز لیمانوفسکی[2] لە بەرامبەر یەکیان دانێین و هەڵیان سەنگێنین، خۆی (لەو ڕەوتە) جیاکردووەتەوە، بەتایبەت لەوەدا کە بەڕێز لیمانوفسکیی «دڵسۆز»، هەرگیز تەنانەت ناوی کارل مارکس[3]یشی نەهێناوە، لە کاتێکدا نیشتمانپەروەریی سۆشیال[4] هەر لە

---

[1] لە بنچینەدا ناوی شۆڕشگێڕەکانی ڕووسیای نێوان دەیەکانی 1860 تا 1870یە و بە مانای «چوون بۆ لای خەڵکە».

[2] Mr. Limanowski

[3] Karl Marx

[4] Social Patriotism

سەرەتاوە بەدوای ئەوەوەبوو کە بەرنامەکەی خۆی بە زاراوەناسیی مارکسیستی[5] وەک «بەرژەوەندیی چینایەتیی پڕۆلیتاریا» ماقووڵ و یاسایی بکات.

بەڵام ئاشکرایە کە تایبەتمەندیی چینایەتی (بەخشین) بە هەر داخوازێکی تایبەت، تەنیا بە یەکپارچەکردنی میکانیکیی ئەو لەگەڵ بەرنامەی پارتی سۆشیاڵیست جێبەجێ نابێت. هەر شتێک کە ئەو پارتە یان هەر پارتێکی تر وەک «بەرژەوەندیی چینایەتی»ی پڕۆلیتاریا دایدەنێ، تەنیا دەکرێ بەرژەوەندیگەلێک بن کە بە بەڵگەهێنانەوەی زەینی و خەیاڵی بۆی دانراوە. بۆ نموونە زۆر هاسانە کە بڵێین بەرژەوەندیی چینی کرێکاران خوازیاری دەرچوونی یاسای لانیکەمی مووچەیە[6]. یاسایەکی ئاوا دەتوانێ لە کرێکاران لە هەمبەر گوشاری ڕکابەرییەک کە ڕەنگە لە لای ناوچەی کەمترگەشەسەندووەوە بێت، پشتیوانی بکات. ئەو [یاسایە] ستانداردێکی لانیکەمی تایبەت بۆ ژیان و شتی تر دابین دەکات. ئەوجۆرە داخوازانە هەمیشە لە لایەن بازنەی سۆشیاڵیستەکانەوە خراوەتە ڕوو؛ بەڵام ئەو پرەنسیپە هێشتا بەگشتی لە لایەن پارتە سۆشیاڵیستەکانەوە پەسند نەکراوە؛ هۆکاری شیاو و گونجاویشی ئەوەیە کە لە هەلومەرجی شێواوی ئەمڕۆکەی ئابووریی تاکەکەسیدا، بڕینەوەی گشتیی ڕێژەی مووچە لە ڕێی یاسادانانەوە، تەنیا خەون و خەیاڵێکی یۆتۆپیاییە. چونکە مووچە و حەقدەسی کرێکاران، وەک نرخی هەموو کاڵایەکی تر، لە سیستەمی سەرمایەداریدا و لە ژێر باندۆری «ڕکابەریی ئازاد» و هاتوچۆی خۆڕسکی سەرمایەدا دیاری دەکرێت. هەربۆیەش بڕینەوەی یاسایی مووچەکان تەنیا لە ڕێگای جیاوازکردنی ناوچەگەلێک کە بەڕوونی پێناسە کراون - وەک کۆمەڵگا بچووکەکان - جێبەجێ دەبێت. لەبەر ئەوەی دامەزراندنی گشتیی یاسای لانیکەمی مووچە، لەگەڵ هەلومەرجی ئێستاکەی سەرمایەداریدا تێکهەڵدەچێ، دەبێ دانی پێدا بنێین کە لە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی پڕۆلیتاریادا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە دەکرێ پشتی بە بەڵگەهێنانەوەیەکی زۆر تۆکمەوە قایم بێت، زیاتر بیرۆکەیەکی دەسکرد و لکێنراوە.

---

[5] Marxist Terminology

[6] Minimum-Wage Law

هەر ئاوا بە شێوەیەکی زەینی و خەیاڵی، دەتوانین «بەرژەوەندیگەلێکی چینایەتی»ی جۆراوجۆر بۆ پرۆلیتاریا بخەینە ڕوو کە لە هەموو حاڵدا لە بەرنامەی سۆشیالیستیدا تەنیا وەک کلێشە دەمێننەوە. بە تایبەت هەرچی زیاتر توخمگەلی کۆمەڵایەتی تر خۆیان بە بزووتنەوەی کرێکارانەوە بلکێنن، حەز بۆ پێشنیاری داواکاریی ڕەنگاوڕەنگی دڵسۆزانە بەڵام ناواقعیی ئەو توخمە دەرەکییانە، بەناوی بەرژەوەندیی چینی پرۆلیتاریا، بەهێزتر دەبێت. ئەو توخمە کۆمەڵایەتییانەی تر وا لێرەدا باسمان کرد بریتین لەو ئەندامانەی کۆمەڵگا کە بەهۆی تێکشکانی پارتە بۆرژواکان لە پەناگەی سیاسی بێبەش کراون؛ ڕووناکبیرانی بۆرژوای و وردەبۆرژوای لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرن. ئەگەر پارتە سۆشیالیستەکان هیچ پێوەرێکی هەستەکییان نەبێت کە پێی لێکدەنەوە کام بابەت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی پرۆلیتاریا دەگونجێ، بەڵکوو تەنیا بە گوێی خەڵکێکی تایبەت بکەن کە دەڵێن فڵان شت بۆ کرێکاران چاک و بەکەڵکە، کەوابوو بەرنامەی سۆشیالیستەکان دەبێتە کۆمەڵێک ئاواتی تێکەڵوپێکەڵی زەینی و خەیاڵی و زۆرجار یۆتۆپیایی.

سۆسیال دیمۆکراسیی ئەمڕۆیی، کە بناغەی خۆی لەسەر بنەما مێژووییەکان، واتە بنەمای گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری، داناوە، بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی خۆی (کە هەمان داخوازەکانی پرۆلیتاریای ئەمڕۆکەن) وەک بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خۆی، تەنیا لە ڕێی بەڵگەهێنانەوەی زەینی سەبارەت بەوەی چ شتێک بۆ پرۆلیتاریا «چاک» و «بەکەڵکن»، دابین نەکردووە، بەڵکوو لە ڕێی لێکدانەوەی گەشەکردنی هەستەکیی کۆمەڵگا بۆ سەلماندنی بەرژەوەندییە کردەییەکانی خۆی و ئامرازی مادی بۆ دەستەبەرکردنیان دیارییان دەکا. لەو ڕوانگەیەوەیە کە دەبێ بژاردە سەرەکییەکان بۆ چارەسەرکردنی کردەیی پرسی نەتەوایەتی لێک بدرێتەوە ـ واتە ئەو بژاردانەی لە لایەن نموونە مێژووییەکان دەخرێنەڕوو و لەگەڵ دروشمگەلی باوی بازنە سۆشیالیستییەکان یەک دەگرنەوە.

دەبێ بەر لە هەمووشتێک بیرۆکەی *دەوڵەتنەتەوە*[7] بخەینە بەر توێژینەوە. بۆ ئەوەی ئەو چەمکە بەجوانی هەڵسەنگێنین لە پێشدا پێویستە بەدوای بنچینەی مێژوویی

[7] Nation-State

بابەتەکەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بزانین لە پشت ئەو دەمامکەدا، لە ڕاستیدا چ شتێک خۆی هەشار داوە.

کائوتسکی لە وتارەکەی خۆیدا کە سەبارەت بە ململانێی نەتەوایەتی و بەرنامەی سۆشیال دیمۆکراتیک لە نەمسایە و پتر لە دە ساڵ لەمەوبەر بڵاو کراوەتەوە، سێ فاکتەر ناو دەبا، کە بە پێی وتەی ئەو، ئەو جۆرەی لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ لە هەموو ئەورووپادا بینراوە، «بنچینەکانی بیرۆکەی نەتەوەیی نوێ» پێک دێنن. ئەو فاکتەرانە بریتین لە: ئاواتی بۆرژوایی بۆ ئەوەی بازاڕێکی ناوخۆیی و خۆجێیی بۆ بەرهەمی وەبەرهێنانی خۆی دابین بکات؛ دووهەم، ئاواتەخوازی بۆ ئازادیی سیاسی، کە مەبەست دیموکراسییە؛ لە کۆتاییشدا پەرەپێدان بە وێژەی نەتەوەیی و فەرهەنگ بۆ هەموان.

لە تیۆریی کائوتسکیدا، بەر لە هەموو شت دەتوانین هەڵوێستی سەرەکیی ئەو ببینین، واتە ڕوانینی ئەو سەبارەت بە بابەتی نەتەوایەتی وەک بابەتێکی مێژوویی. بە پێی بەڵگەهێنانەوەی ئەو، بیرۆکەی نەتەوە، پێوەندیی نزیکی لەگەڵ سەردەمێکی پێناسەکراو لە گەشەکردنی نوێ هەیە. [لەو سەردەمەدا] ڕەهەندە باوەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی بریتین لە: بەرژەوەندیی بازاڕی بۆرژوایی، ڕەوتە دیمۆکراتیکەکان و فەرهەنگی خەڵک.

دیارە ئێمە لێرەدا بابەتی نەتەوەیی، وەک گرووپێکی ئێتنیکی یان فەرهەنگی باس ناکەین. بێگومان ئەو بابەتە نەتەوەییە(ی مەبەستی ئێمە) لە [ڕوانگە و] ڕەهەندی بۆرژوای جیاواز و بێبەرییە؛ تایبەتمەندیی نەتەوەیی چەندین سەدەیە کە بوونیان هەیە. لە کاتێکدا ئێمە لێرە باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی وەک بنچینەیەکی ژیانی سیاسی دەکەین کە ئاواتی دامەزراندنی شتێک بە ناوی دەوڵەتنەتەوەی تێدایە؛ بەو شێوەیە پێوەندیی نێوان ئەو بزووتنەوانە و سەردەمی بۆرژوایی، جێی هیچ پرسیارێکی تێدا نامێنێ. مێژووی یەکگرتنی نەتەوەیی ئەڵمانیا نموونەیەکی باوی ئەو پێوەندییەیە کە

بنچینەیەک کە ڕایشی ئەڵمانیای دواتر، بە دەوریەوە گیرساوە بریتی بوو لە Zollverein[8] و Zollparlament ـی[9] ئەڵمانیا. ماقووڵتر ئەوەیە فریدریک لیست[10] کە دەکرێ وەک ڕزگارکەر[11]ـی واقعیی یەکگرتوویی نەتەوەیی ئەڵمانیای چاو لێ بکەین ـ بەو تیۆرییە لاوازەی «ئابووریی نەتەوەیی» خۆیەوە ـ بە پشتیوانی ئەوان بزانین، نەک فیختە[12]ـی ئایدیالیست کە زۆرتر وەک یەکەم پێغەمبەری ژیانەوەی نەتەوەیی ئەڵمانیا ناوی دەبرێ. ئەو بزووتنەوە «نەتەوەییە» کە فکر و خەیاڵی«خەڵک و شازادەکانی[13]» ئەڵمانیایی لە سەردەمی فیختەدا بۆ لای خۆی کێشابوو و [بەرەی] زرەشۆڕشگێڕی برایەتی[14] بەهاتوهاوارێکی زۆرەوە هاتبووە ناویەوە، (لەگەڵ ئەوەی کە فیختە هاوسۆزییەکی گەرمی بۆ شۆڕشی گەورەی فەڕانسا بوو) لەبنەڕەتدا تەنیا گەڕانەوەیەک بۆ سەدەکانی ناوەڕاست[15] بۆ دژایەتی لەگەڵ توخمەکانی شۆڕش نیشان دەدا، کە لەلایەن ناپۆلیۆن[16]ـەوە هێنرایە ئەڵمانیاوە و دژی بنچینەکانی سیستەمی نوێی بۆرژواییە. دواتر گەرمەبای ڕۆمانتیکی «ژیانەوەی نەتەوەیی[17]»، دوای گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی ئەڵمانیا بۆ ژێربەشیی فیۆدالی[18] و بەرهەڵستبوونەوەی پێش مانگی مارچ[19]، ساردبۆوە و لەناوچوو. جگەلەوە، ئایین و ڕێبازی فریدریک لیست، ئەو نوێنەرە سووک و چرووکەی پیشەسازیی ئەڵمانیا لە دەیەکانی سی و چلدا، بنەمای «ژیانەوەی نەتەوەیی» لەسەر بنچینەکانی گەشەکردنی بۆرژوای، پیشەسازی و بازرگانی و هەروەها تیۆریی «بازاڕیی

---

[8] Zollverein و یەکێتیی نەریتەکانی ئەڵمانیا: یەکێتییەک بوو کە لە ویلایەتە ئەڵمانیاییەکان پێک هاتبوو بۆ ئەوەی سیاسەتی گوومرک و ئابووریی لە چوارچێوەی هەرێمەکانی خۆیاندا بەڕێوەبەرن. لە ساڵی 1833 دا ڕێکخرا و بە شێوەی فەرمی ساڵی 1834 دەستی بە کار کرد.

[9] Zollparlament پەڕلەمانی zollverein بوو. پەڕلەمانێک بوو کە نوێنەرەکانی لە ڕێی دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردران و وەک ئەنجومەن لە ڕێی زۆرینەوە بڕیاری پەسند دەکرد. دواتر ئەو دامەزراوانە بوون بە کۆنفیدێڕاسیۆنی دەوڵەتی فێدێڕال

[10] Friedrich List

[11] Messiah

[12] Fichte

[13] People and Princes

[14] Pseudo-Revolutionary Burschenschaften

[15] Medieval Reaction

[16] Napoleon

[17] National Rebirth

[18] Feudal Subdivision

[19] Pre-March Reaction

ناوخۆیی[20]» دانا. بنەمای مادی بۆ ئەو بزووتنەوە نیشتمانپەروەرییەی کە لە دەیەکانی سی و چلی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕەوەند[21]گەلێکی سیاسی، پەروەردەیی، فەلسەفی و وێژەیی ئاوا بەهێزی لە ئەڵمانیادا خولقاند، بەرلە هەموو شتێک پێویستبوونی ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو هەرێمە ئەڵمانیاییانە بوو (کە بەسەر چەندین دەوڵەتە بچکۆلەی فیۆدالدا دابەش ببوو و بە نەریت و سنووری ماڵیاتی جۆراوجۆرەوە پارچەپارچە کرابوو) بۆ ئەوەی بیانکاتەوە «وڵاتێکی بابوباپیرانی[22]» گەورەی یەکپارچەی سەرمایەداری و بەوکارە بناغەیەکی بەرین و پتەو بۆ بەرهەمهێنانی میکانیزە و پیشەسازیی گەورە دامەزرێنێت.

مێژووی یەکگرتنی پیشەسازی و بازرگانیی ئەڵمانیا، وا لەگەڵ چارەنووسی یەکگرتنی سیاسیی ئەڵمانیا تێکەڵ بووە کە مێژووی یەکێتیی نەریتەکان[23] [Zollverein]، کە ڕەنگدانەوەی گەشەکردن و ڕووداوەکانی سیاسیی ئەڵمانیایە، بە بەردەوامییەکی تۆخ ڕادەگوێزرێتە سەر مێژووی لەدایکبوونی ڕایشی ئەڵمانیای ئێستا. لە ساڵی 1834دا یەکێتیی نەریتەکان، بە ڕێکخستنی حەقدە دەوڵەتی چکۆڵەتر بەدەوری پرووس[24]ەوە سەری هەڵدا و وردەوردە دەوڵەتەکانی تریش تێکەڵی ئەو یەکێتییە بوون. بەڵام نەمسا یەکسەر جیا لەو یەکێتییە ماوە و دواتر شەڕی شلێسویگ‌هۆڵشتاین[25] ئەنجامی کێشەکەی بەقازانجی پرووس تەواوکرد. لە ساڵی 1867دا دوایین نوێبوونەوەی یەکێتیی نەریتەکان، بە بوونی یەکێتیی نەتەوەیی نوێ، بوو بە شتێکی زیادی؛ و یەکێتیی ئەڵمانیای باکوور، دوای شەڕی فەڕانسا و ئەڵمانیا، ماف و ئەرکە نەریتییەکانی خۆی بە میرات گەیاندە ڕایشی نوێی تازەپێکهاتوو. بە جێی Zollbundesrat و Zollparlament یش ئەمجارەیان ئەنجومەنی فێدێراڵ Bundesrat و پەڕلەمان Reichtag[26]هاتە ئاراوە. لەو نموونەیەی

---

[20] Domestic Market
[21] Currents
[22] Fatherland
[23] Customs Union
[24] Prussia
[25] The Schleswig-Holstein War
[26] کە هەمان دەزگای Bundestag باڵەخانەیەکە لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا کە شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدێراڵە واتە یاساداناني نەتەوەیی خوارووی ئەڵمانیایە

مێژووی نوێدا، ئەڵمانیا زۆر بەتەواوی بناغەی ڕاستەقینەی ئابووریی دەوڵەتنەتەوەکانی نوێ دەخاتە ڕوو.

ئەگەر چی ئیشتیای بۆرژوای بۆ بازاڕی کاڵاکانی «خۆی»، ئەوەندە بگۆڕ و بەربڵاوە کە هەمیشە حەزی سروشتی هەیە بۆ ئەوەی هەموو جیهان داگیر بکات، بەڵام خۆی بنچینەی «بیرۆکەی نەتەوایەتی»ی بۆرژوایی نوێ، لەسەر ئەو گریمانەیە دانراوە کە بۆرژوایی هەر وڵاتێک پێی وایە، نەتەوەی خۆی ـ واتا وڵاتی بابوباپرانی خۆی ـ بە شێوەی سروشتی، لە خزمەتی ئەو دایە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی لەو هەرێمەدا بفرۆشی. دەڵێی میراتی تەرخانکراوی بابیانە و خودا بۆی بڕیونەتەوە. لانیکەم ئەوە دەری دەخات کە پرسی نەتەوایەتی لە جێیەک کە گەشەکردنی سەرمایەداری «بەشێوەی ئاساییی»ڕوو دەدات، چۆنە، بە بێ ئەوەی گۆڕانێکی کوتوپڕ بێتە پێش، بۆ نموونە وەک ئەوەی کاتێک وەبەرهێنان بۆ بازاڕی ناوخۆ لە وەبەرهێنان بۆ دەرەوە زیاتر دەبێ. ئەو شتە ڕێک لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا ڕووی دا.

بەڵام دروست نییە فۆڕمۆلی کائوتسکی هەروا سەرسەرەکی لە بەر چاو بگرین؛ ناتوانین بڵێین بنەمای مادی بزووتنەوە نەتەوەییە نوێیەکان تەنیا لێکدانەوەیەکی ناڕوون لە ئیشتیای بۆرژوایی پیشەساز بۆ بازاڕی «وڵاتی ناوخۆ» بۆ کاڵاکانیەتی. دوای ئەوەش بۆرژوایی سەرمایەداری، مەرجگەلێکی زۆری تری بۆ گەشەکردنی دروستی خۆی، پێویستە وەکوو: هێزی نیزامییەکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی سەقامگیریی«وڵاتی باب و باپیرانی» بپارێزێ و ئەنجا وەکوو ئامرازی ڕێگەخۆشکەر بێ بۆ بازاڕەکانی دونیا؛ هەروەها سیاسەتێکی نەریتی گونجاوی پێویستە، واتە شێوەگەلێکی شیاو و گونجاوی بەڕێوەبەرایەتی، دادوەری، سیستەمی قوتابخانەکان و سیاسەتی ماڵی. بە کورتی، سەرمایەداری بۆ گەشەکردنی دروستی خۆی خوازیاری نەک تەنیا بازاڕ، بەڵکوو تەواوی دەزگای دەوڵەتی سەرمایەداریی نوێیە. بۆرژوای بۆ بوونی ئاسایی خۆی، نەک تەنیا مەرجگەلێکی ئابووریی تۆکمەی بۆ وەبەرهێنان گەرەکە، بەڵکوو لە هەمان ئاستدا مەرجگەلێکی سیاسیشی بۆ حکوومەتی چینی خۆی دەوێ.

لەو باسانەوە دەردەکەوێ کە چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ ئاواتە نەتەوەییەکان، کە لە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی چینایەتیی بۆرژوای دابێ، *سەربەخۆیی دەوڵەتە*[27]. هەروەها دەوڵەتنەتەوە هاوکات چوارچێوەیەکی مێژوویی ناچاریشە کە لەودا بۆرژوای بەسەر قۆناخی برگریکاریی نەتەوەییدا باز دەداتە سەر هێرشبەریی نەتەوەیی، لە پاراستن و وردبوونەوە لەسەر نەتەوەی خۆیەوە باز دەداتە سەر دارگیرکردن و زاڵبوونی سیاسی بەسەر نەتەوەکانی تردا. هەموو دەوڵەتنەتەوەکانی ئەمڕۆ بە بێ جیاوازی لەو لێکدانەوەیەدا دەگونجێن، واتە خەریکی لکاندنی دراوسێ و کۆلۆنییەکان بە خۆیانەوەن و بەتەواوی خەریکی سەرکوتکردنی ئەو نەتەوانەن کە داگیریان کردووە.

ئەو دیاردەیە تەنیا بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە بە پێی ڕوانگە و بیرکردنەوەی بۆرژوای، دەکرێ بزووتنەوەیەکی نەتەوەییمان بۆ یەکپارچەکردن و پاراستنی نەتەوەی خۆمان هەبێ و هاوکات نەتەوەیەکی تریش سەرکوت بکەین 0(کە بێگومان بە پێچەوانەی خودی ئایدیۆلۆجیای «دەوڵەتنەتەوە»یە). بۆرژوایی ئەڵمانیای ساڵی ١٨٤٨، نموونەیەکی بەرچاوە لەو دیاردەیە سەبارەت بە ڕوانینی ئەو بۆ پرسی پۆڵەندا. هەر وەک دەزانرێ لە جەنگەی شۆڕشی (ساڵی ١٨٤٨)دا، کاتێک نیشتمانپەروەریی نەتەوەیی ئەڵمانیا تەواو ئاشکرا بوو، کارل مارکس و دەوروبەریەکانی لایەنگرییان لە سەربەخۆیی پۆڵەندا دەکرد؛ بەڵام سەلماندی کە دەڵێی پێغەمبەرێکە هاوار دەکا و کەس گوێی پێ نادا. «دەوڵەتنەتەوە»ی ئەڵمانیا، هەر لە یەکەم قۆناغی گەشەکردنیەوە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ تێگەیشتنی باو لە دەوڵەتنەتەوە سەبارەت بە نەتەوەکان، کۆک نەبوو. لە ڕاستیدا سنوورەکانی ڕایش[28]، نەتەوەی ئەڵمانیای پارچەپارچە دەکرد، بەسەر وڵاتی نەمسا و دەوڵەتی نەتەوەیی نوێی ئەڵمانیادا دابەشی کردبوون و ئەڵمانیاییەکانی لەگەڵ خەڵکێکی ڕەگەز جیاوازی تر، لە سنوورگەلێکدا کۆ کردبۆوە کە لە پۆڵەندا، دانیمارک و فەرەنساوە داگیر کرابوون و بەویوە لکێندرابوون.

---

[27] State Independence
[28] Reich

پرسی هەنگاریا تەنانەت لەوەش سەرنجڕاکێشترە، چونکە لە کاتی خۆیدا زۆریان بە خەباتی ئەوێ بۆ سەربەخۆیی نەتەوەییدا هەڵدەگوت. تەنانەت ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی پۆڵەندیشمان ـ وەک بێم[29]، ویسوکی[30] و دێمبیکی[31] ـ «قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیبوو» بۆ یارمەتیدانی ئەوان. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی نەتەوایەتییەوە شرۆڤەی بکەین، ئەو خەباتە تەنیا هەوڵ و تێکۆشانێک بوو بۆ ئەوەی حکوومەتی چینی کەمینەی ماگیار[32] بەسەر وڵاتێکدا کە خاوەنی نۆ نەتەوایەتی تر بوو، دابین بکات، لە حاڵێکدا کە ماگیارەکان بەسەر نەتەوەکانی تردا زاڵ بوون و سەرکوتیان دەکردن. «سەربەخۆیی» نەتەوەیی هەنگارییەکان بەرهەمی لێکجیاکردنەوەی سلۆڤاکە کارپاتییەکان[33] بوو لە براکانی خۆیان، واتە چێکییەکانی سودێتێن[34]؛ دابڕینی ئەڵمانیاییەکانی خەڵکی شارەکانی بڕاتیسلاڤا، تێمێسڤار و ترانسیلڤانیا[35] بوو لە ئەڵمانیاییەکانی نەمسایی[36]؛ هەروەها کرۆاتەکان[37] و سێربەکانی دالماتی[38]ش لە کرۆاسیا[39] و خەڵکی سلۆڤێنیا[40].

ئاواتەکانی خەڵکی چێکیش هەر تایبەتمەندییەکی دوولایەنەی ئاوای هەیە. ئەو ئاواتانە لە ناو ئەڵمانیاییەکاندا ڕەشبینی دروست کرد چونکە ئەویش، جگەلە شتەکانی تر، بە ئاشکرایی دەیویست خەڵکی ئەڵمانیایی ناوچەی سودێتێن لە وڵاتە ئەڵمانیاییەکانی هاوێری (کوێستانەکانی) ئالپ جیا بکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی چێکییەکان ئەوە بوو کە ئەڵمانیاییەکان، کە وەک گرووپێکی کەمینە لە ژێر پاشایەتیی ڤاکلاڤ[41] Vaclav دابوون، ناچار بکەن، لە بواری فەرهەنگ و بەڕێوەبەرایەتییەوە یەکسەر سەر بە چێکییەکان بن (لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بن). وا دیار بوو ئەوەش بەس

[29] Bem
[30] Wysocki
[31] Dembivki
[32] Magyar
[33] Carpathian Slovaks
[34] Sudeten Czechs
[35] Bratislava, Temesvar & Transylvania
[36] The Austrian Germans
[37] Croats
[38] Dalmatian Serbs
[39] Croatia
[40] Slovenians
[41] Wenceslaus (Vaclav)

نەبوو، چونکە دابەشکردنی خاکی چێکیەکان دابەشکارییەکی نەتەوەیی بۆ خودی چێکییەکان دروست کرد، بەو شێوەیە کە پێنج ملوێن و پتر لە سێسەد هەزار چێکی و سێ ملوێن ئەڵمانیایی و دووسەد هەزار پۆڵەندی خستە یەک سنوورەوە و پێکەوە یەکپارچەی کردن. هێشتا دوو ملوێن سلۆڤاکی کارپاتی کەوتبوونە دەرەوەی ئەو دەوڵەتە «نەتەوەییە» چێکییەوە کە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ چێکییەکان بوو و لە ئامێزی خۆشەویستیی ماگیارەکان دابڕابوون. هەر بۆیەش ئەو سلۆڤاکانەش بە تین و گوڕەوە هاواری بۆو ئامانجانەیان دەکرد کە لە لایەن ناسیۆنالیستەکانی چێکییەوە پشت گوێ خرابوو.

لە کۆتاییدا نموونەی نزیکتریش باس دەکەین؛ ناسیۆنالیزمی بۆرژوایی پۆڵەندا ڕێک ئەوەندەی دژی ڕووتێنییە[42]کانە، دژایەتیی لیتوانیاییە[43]کانیش دەکا. هەر ئەو نەتەوەگەرییەی دەبوو سیاسەتی تاڵی شێواندن و هەڵگەڕاندنەوە بە دەست هێزە جیاکەرەوەکان ـ پرووسیا و ڕووسیا ـ بچێژێ، ئێستا مافی بوونی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکانی تر قایل نییە. بە پێی سیاسەتی ستانژیک[44] لە گالیسیا[45]، پۆڵەندییەکان ئەو خەڵکەی ڕووتێنیاییەیان سەرکوت دەکرد کە خەباتی ئەوان بۆ (سەربەخۆیی) نەتەوایەتی، بۆتە جۆگەیەکی خوێناوی لە مێژووی سیاسیی گەشەکردنی گالیسیادا و لە نیوەی دووهەمی دوایین سەدەدا هەمیشە درێژەی بووە. بزووتنەوەی ئەودوایانە بۆ ژیانەوەی نەتەوایەتیی لیتوانیاییەکانیش لە لایەن بازنەکانی نەتەوەگەریی پۆڵەنداوە، تووشی دوژمنایەتییەکی هاوشێوەیە بۆتەوە.

ئەو تایبەتمەندییە دوولێوارە سەیر و سەمەرەیەی نیشتمانپەروەریی بۆرژوای، کە بنەمای بنچینەییەکەی زیاتر لەوەی لەسەر هاوئاهەنگی بێت، لەسەر دژایەتی و لێککەوتنی بەرژەوەندیی جۆراوجۆری نەتەوەکانە، تەنیا بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی نوێی بۆرژوای بنەمای مێژووییەکەیان تەنیا ئارەزووی زاڵکردنی چینەکەی خۆیانە؛ چوارچێوەیەکی تایبەتیان دەوێ کە ئامانجی

---

[42] Ruthenians
[43] Lithuanians
[44]Stanczyk
[45]Galicia

ئەو: دەوڵەتێکی «نەتەوەیی» سەرمایەداریی نوێیە بە مەبەستی زاڵکردنی بۆرژوایی نەتەوەیەکی تایبەت بەسەر هەموو جەماوەری تێکەڵوپێکەڵی وڵاتدا. تەنیا وردەکارییەکانی دەوڵەتی بۆرژوایی نوێ، بریتییە لە ڕێکخراوەیەکی دیمۆکراتیک لەگەڵ (سیستەمێکی) پەرەوەردەی گشتیی خەڵک ـ هەمان ئەو بنچینە ئایدیۆلۆجیکە تایبەتانەی نەتەوە کە کائوتسکی باسی کردوون ـ کە بۆرژواییەوە دەتوانێ لە چوارچێوە و گەوهەری دوەڵەتدا بەهاسانی دەستەبەریان بکا. هەر بۆیەش سەربەخۆیی و یەکپارچەبوونی دەوڵەت، هەمان ئەو تەوەرە ڕاستەقینەیەیە کە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی بۆرژوای بە دەوریدا دەسووڕێن.

ئەو بابەتە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی پڕۆلیتاریاوە یەکسەر جیاوازە. پڕۆلیتاریای هاوچەرخ وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئابووریی سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژواییە. کۆمەڵگای سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژوای ـ ئەگەر تەنیا وەک بیرۆکەیەکی زەینی بەر چاوی نەگرین بەڵکوو وەک شێوە و چوارچێوەیەکی هەستەکی دانێین کە مێژوو لە هەر وڵاتێکدا خوڵقاندوویەتی ـ هەر ڕێک لە سەرەتاوە بۆ پڕۆلیتاریا، چوارچێوەی کار و چالاکی بووە. دەوڵەتی بۆرژوای ـ چ نەتەوەیی بێ و چ نەبێ ـ هاوڕێ لەگەڵ وەبەرهێنانی سەرمایەداری کە شێوەی زاڵی ئابووریی کۆمەڵایەتییە، ڕێک ئەو بنەمایەیە کە چینی کرێکار لەسەر ئەو پەرە دەگرێ و تێدەکۆشێ. لەو بارەیەدا لە نێوان بۆرژوای و پڕۆلیتاریادا جیاوازیی مێژوویی بنەڕەتی هەیە. بۆرژوای لە ناو جەرگی سیستەمی چینایەتیی فیۆدالدا گەشە دەکا و دێتە بەرەوە. بۆرژوای بەو ئاواتەوە کە سەرکەوتن بۆ سەرمایەداری وەک شێوازی وەبەرهێنان و بۆ خۆی وەک چینی باڵادەست دابین بکات لە سەر وێرانەکانی سیستەمی فیۆدالی، *بۆ یەکەم جار* دەوڵەتی نوێ *دادەڕێژێ*. پڕولێتاریا ـ هێشتا وەک بەشێک لە دەوڵەتی بۆرژوای ـ لە چوارچێوەی سنوورەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری و حکوومەتی بوورژواییدا، دەیەوێ لە بواری سیاسییەوە دەنگی خۆی هەڵبڕی و ببیسرێ. بەڵام دەوڵەتەکە هێشتا لە سەرەتای گوورانی خۆیدا بوو و هێشتا خۆی نەگرتبوو. هەر بۆیەش ئەگەر لە باری مێژووییەوە بدوێین ئەو بیرۆکەیە کە پڕۆلیتاریای نوێ وەک چینێکی جیاواز و بەئاگا، بە بێ ئەوەی لە پێشدا دەوڵەتنەتەوەیەکی تازە دروست بکات، هیچی پێ ناکرێ، وەک ئەوە وایە بڵێین بۆرژوای

لە هەر وڵاتێکدا دەبێ لە پێشدا سیستەمێکی فیۆدالی دامەزرێنێ، جا ئەگەر بە هەڵکەوت ئەو سیستەمە خۆی دروست نەبووبێ، یان چوارچێوەیەکی تایبەتی بە خۆی نەگرتبێ وەک چۆن بۆ نموونە لە ڕووسیادا گرتوویەتی. کارگێڕیی مێژوویی بۆرژوای داهێنانی دەوڵەتێکی «نەتەوەیی» نوێیە؛ بەڵام ئەرکی مێژوویی پڕۆلیتاریا لەناوبردنی ئەو دەوڵەتە وەک چوارچێوەی سیاسیی سەرمایەدارییە، کە لەودا خۆیان وەک چینێکی بەئاگا دێنە دی بۆ ئەوەی سیستەمێکی سۆسیالیستی دامەزرێنن. پڕۆلیتاریا وەک بەشێک لە کۆی کۆمەڵگا، کاتێک کە گەشەکردنی بۆرژوای خوازیاری وەدیهێنانی «دەوڵەتنەتەوە»یە، ـ هەر وەک چۆن بۆ نموونە لە ئەڵمانیاشدا وابوو ـ بۆی هەیە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی بۆرژوایدا بەشداری بکات. بەڵام ئەودەم ڕێبەرایەتیی بۆرژوای پەیڕەو دەکا و وەک چینێکی سەربەخۆ بە بەرنامەی سیاسیی تایبەتەوە کار ناکا. بەرنامەی نەتەوەیی سۆسالیستەکانی ئەڵمانیا لە دەیەی چلدا دوو بیرۆکەی دەبردە بەرەوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرنامەی نەتەوەیی بۆرژوای دژایەتی بوو: یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو سنوورانە کە بنەمایان لەسەر دابەشکاری توند و تیژی نەتەوەکان بوو و (دابین کردنی) شێوەی کۆماری بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

بەرژەوەندییەکانی پڕۆلیتاریا سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی، ڕێک دژی ئەوانەی بوورژوان. ئامانجگەلێکی وەک دابینکردن و قۆرغکردنی بازاڕی ناوخۆ بۆ پیشەسازەکانی «وڵاتی بابوباپیران[46]» و دەستەبەرکردنی بازاڕی تازە لە ڕێی داگیرکردن، بەکۆلۆنیکردن یان سیاسەتی نیزامی، کە ئامانجی بۆرژواین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی «نەتەوەیی»، ناکرێ وەک ئامانجی پڕۆلیتاریای بەئاگا دانرێ.

پڕۆلیتاریا وەک منداڵی حەلاڵزادەی گەشەکردنی سەرمایەداری، ئەو گەشەکردنە وەک پێشینەیەکی مێژوویی پێویستی پەرەسەندن و پێگەیشتنی سیاسیی خۆی چاو لێ دەکا. خۆی سۆشیال دیموکراسی، تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی گەشەوگۆڕانی[47] پەرەسەندنی سەرمایەدارییە بەڵام بۆرژوایی دەسەڵاتدار وەک لایەنی کۆنەپەرست[48] چاو

[46] Fatherland
[47] Evolutionary side
[48] Reaction

لەو گەشەکردنە دەکا. سۆشیال دیموکراسی لە هیچ جێگەیەک ئەرکی خۆی وەک پشتیوانیکردنی چالاکانە لە پیشەسازی و بازرگانی دانانێ، بەڵکوو دژی پاراستنی میلیتاری، کۆلۆنیایی و نەریتەکان خەبات دەکا، هەر وەک چۆن لەگەڵ تەواوی دەزگای سەرەکیی دەوڵەتی چینایەتیی باو ـ واتە بەڕێوەبەرایەتی، یاسادانەری، سیستەمی پەروەردە و ...ـ بەربەرەکانی دەکا.

هەر بۆیەش سیاسەتی نەتەوەیی پرۆلیتاریا لە بنەڕەتدا لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوای دژایەتی هەیە تا ڕادەیەک کە لە گەوهەری خۆیدا تەنیا بەرگریکارانەیە و هەرگیز هێرشبەرانە نییە؛ بە هاوئاهەنگی بەرژەوەندییەکانی هەموو نەتەوەکانەوە گرێ دراوە، نەک بە داگیرکردن و ژێردەستکردنی یەکتر. پرۆلیتاریای بەئاگای هەر وڵاتێک، بۆ گەشەکردنی شیاوی خۆی، پێویستی بە لە ئاشتی و هێمنیدابوون و گەشەکردنی فەرهەنگیی نەتەوەی خۆی هەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێک پێویستی بە زاڵبوونی نەتەوەی خۆی بە سەر ئەوانی تردا نییە. بۆیە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە لێکی دەینەوە، «دەوڵەتنەتەوە»، وەک دەزگای دەسەڵاتداری و داگیرکردنی نەتەوەکانی تر، هاوکات لەگەڵ ئەوەی بۆ بۆرژوای ناچارە دەبێ هەبێ، بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی پرۆلیتاریا هیچ (قازانج و) مانایەکی نییە.

بەو پێیە لەو «سێ بنچینەیەی بیرۆکەی نەتەوایەتی نوێ» کە کائوتسکی ناویان دەبا، تەنیا دوانەکەی دواتریان بۆ چینی پرۆلیتاریا گرینگی هەیە، واتە: ڕێکخراوەی دێمۆکڕاتیک و پەروەردەی گشتی. ئازادیی بەکارهێنانی زمانی دایکیی خۆ، گەشەکردنی بێ گیروگرفت و لەمپەری فەرهەنگی نەتەوەیی (وەک فێربوون، وێژە، هونەرەکان) و پەروەردەی ئاسایی بۆ ئەو جەماوەرانەی کە لە ژێر گوشاری ناسیۆنالیستەکاندا پەکیان نەکەوتووە، تا ئەو جێیەی کە بتوانێ لە سیستەمی بۆرژوایدا «ئاسایی» بێ، مەرجی یەکجار پێویستی پێگەیشتویی سیاسی و دەروونی چینی کرێکارن. پێویستە چینی کرێکاریش هەر وەک نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەت، مافی نەتەوەیی یەکسانیان هەبێت. پەڕاوێزکردنی سیاسیی نەتەوە تایبەتەکان، بەهێزترین ئامرازی دەستی بۆرژواییە کە دەیەوێ دژایەتی چینەکان داپۆشێ و (چینی) پرۆلیتاریای ناو خۆی نادیار بکات.

لایەنگرانی «باشترین» هەلومەرجی کۆمەڵایەتی (واتە ناسیۆنالیستە پۆڵەندییەکان) دەڵێن لە ئێستادا، جا دۆخەکە هەر جۆرێک بێت، باشترین گەرەنتی بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی و دابینبوونی مافی هەر نەتەوەیەک، تەنیا سەربەخۆبوونی دەوڵەتە، هەڵبەت دەوڵەتنەتەوەی خۆیان، هەر لەبەر ئەوەش لەکۆتاییدا دەوڵەتنەتەوە، بەرژەوەندیی چینایەتیی ناچاری پرۆلیتاریایە. کێشەی ئێمە دیاریکردنی ئەوە نییە کە «باشترین» شت بۆ پرۆلیتاریا چییە یان چ دەبێ؟ ئەو جۆرە تێبینییانە هیچ بایەخێکی کردەییان نییە. دوای ئەوەش ئەگەر بابەتی «باشترین شت بۆ پرۆلیتاریا چییە؟» لە ڕوانگەی پرۆلیتاریا بە شێوەی زەینی هاتە گۆڕ، ڕەنگە ناچار بەو ئەنجامە بگەین کە «باشترین» چارەسەر بۆ گرفتی نەتەوەیی و هەروەها بۆ هەموو ئەو کێشانەی گەوهەری کۆمەڵایەتییان هەیە، بێ هیچ گومانێک سیستەمی سۆسیالیستییە. بەڵگەهێناوەیەکی یۆتۆپیایی، ئەگەر تەنیا لە ڕێی بازدان بۆ «دۆخی داهاتوو» بێت، ناچار ئەنجامەکەی دەبێتە چارەسەرێکی یۆتۆپیایی، لە حاڵێکدا کێشەکە لە کردەدا دەبێ لە ناو چوارچێوەی واقعییەتی (دۆخی) بوورژوایی ئێستادا چارەسەر کرێت.

جگەلەوانەش لە ڕوانگەی *ڕەوشتەوە*[49]، ئەو بەڵگەهێنانەوەیەی سەرەوەش هێشتا تێنەگەیشتنێکی مێژوویی تری تێدایە. ئەو بەڵگەیە کە دەڵێ بێگومان دەوڵەتنەتەوەیەکی سەربەخۆ «باشترین» گەرەنتییە بۆ بوون و گەشەکردنی نەتەوایەتی، چەمکی دەوڵەتنەتەوە بەتەواوی وەک چەمکێکی زەینی بەکار دەگرێ. ئەگەر دەوڵەتنەتەوە تەنیا لە ڕوانگەی نەتەوایەتییەوە بێنینە بەر چاو، تەنیا وەک بەڵێن و واقعییەتی هەستەکیی ئازادی و سەربەخۆیی دانێین، تەنیا پاشماوەی ئایدیۆلۆجیایەکی ڕزیوی وردەبۆرژوایی ئەڵمانیا، ئیتالیا و هەنگاریایە ـ واتە هەموو ئەورووپای ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا. ئەو وتەیە لە هەمبانەی لیبێڕالیزمی پرژوبڵاوی بۆرژواییەوە هاتووەتە دەر. لەو کاتەوە گەشەکردنی بۆرژوای بەڕاشکاوی سەلماندوویەتی کە دەوڵەتنەتەوەی نوێ، لە بیرۆکەی ناڕوونی «ئازادی» و «سەربەخۆیی» نەتەوەیی، واقعیتر و هەستپێکراوترە؛ لە ڕاستیدا واقعییەتێکی مێژوویی پێناسەکراوە کە نە یەکجار دڵڕفێنە و نە زۆر تۆخ و بێخەوش. زات و گەوهەری دەوڵەتی

[49] Methods

نویٚ لە ئازادی و سەربەخۆیی «نەتەوە» پێک نایە، بەڵکوو تەنیا لە زاڵبوونی چینی بوورژوا، سیاسەتی پارێزگەری[50]، ماڵیاتی ناڕاستەوخۆ، نیزامیگەری[51]، شەڕ و داگیرکەری[52] پێک هاتووە. بۆرژوای هەمیشە تەکنیکی ئاشکرای بەکار دێنا و ئەویش هەوڵدان بۆ ئەوە بوو کە ئەو حەقیقەتە دڕندانە مێژووییە بە چارشێوێکی ناسکی ئایدیۆلۆجیک داپۆشێ کە هەمان هێنانە ئارای خۆشیی (لە ڕاستیدا) یەکسەر نەرێنیی «سەربەخۆیی و ئازادیی نەتەوەییە». بۆ ماوەیەک ئەو تەکنیکە کاریگەری بوو. بەڵام ئەمڕۆکە تەنیا پێویستە ئەو هەلومەرجانەمان بیر بێتەوە کە ئەو دانوستانە هاتە بەرەوە بۆ ئەوەی لێمان حاڵی بێ یەکسەر دژی هەموو ئەو شتانەیە کە دەتوانێ و دەبێ پێگەی چینایەتیی *پڕۆلیتاریا* بێ.

ئەنارکیزم، کە (بە ڕواڵەت) وا دانراوە لەگەڵ لیبێڕالیزمی بۆرژوای ناکۆک بێ، (بەڵام) لەو بابەتەدا، وەک زۆر جێی تریش، سەلماندوویەتی کە مناڵی شیاوی خۆیەتی. ئەو بیرۆکەیە (ئەنارکیزم) کە تایبەتمەندیی توندوتیژی «شۆڕشگێڕی»شی هەیە، بە ڕواڵەت وتەکانی ئایدیۆلۆجیای لیبێڕالی پەسند کردووە و وەک ئەو تەنیا بۆ ناوەرۆکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی دەوڵەتنەتەوە تێدەکۆشێ، بەڵام (مەبەستەکەی) تەنیا لە هێمای «ئازادی»ی «خواستی خەڵک» و قسەی پووچ و بێمانای تری ئاوادا کورتی کردۆتەوە. بۆ نموونە باکونین لە ساڵی ١٨٤٩دا سەبارەت بە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەورووپای ناوەڕاست دەنووسێ:

یەکەم نیشانەی ژیان لە شۆڕش (ی ساڵی ١٨٤٨)دا هاواری نەفرەت بوو دژی زوڵموزۆری لە مێژین، هاواری هاوسۆزی و ئەوین بوو بۆ هەموو نەتەوە سەرکوتکراوەکان ... (هاواری) «نەمان بۆ سەرکوتکەران!» دەتگوت لە یەک گەرووەوە دەنگ دەداتەوە؛ «نەمان بۆ چەوساندنەوەی پۆڵەندی، ئیتالی و هەموو ئەوانی تر! نا بۆ شەڕی داگیرکەری؛ تەنیا شەڕێک بۆ کۆتاییهاتنی داگیرکاری ـ خەباتی شۆڕشگێڕیی درەوشاوە بە ئامانجی ڕزگاربوونی کۆتایی هەموو خەڵک! نەمان بۆ سنوورە دەسکردەکان کە بە زۆر لە لایەن

---

[50] Protectionist policy
[51] Militarism
[52] Conquest

کۆنگرەکانەوە بە ناوی پێویستیی مێژوویی، جوگرافیایی و ستراتێجیک داسەپێنراون! هیچ سنوورێکی تر لە نێوان نەتەوەکان نابێ بمێنێت مەگەر ئەوەی بە پێی سروشت یان دادپەروەری، یان بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک لە لایەن خواست و دەسەڵاتی خودی خەڵکەوە لە سەر بنەمای تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان دانرابێ! ئەمانە هاوارێک بوو کە لە ناو هەموو خەڵکدا دەنگی دەداوە.

وڵامی مارکس بۆ ئەو هاوارە پڕسۆز و تینانە سەبارەت بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و «خواستی خەڵک»، ئەوە بوو:

> لێرەدا هیچ باسێک لە واقعییەت نییە، یان تا ئەو جێیەی لێک دراوەتەوە وەک شتێک دەنوێنرێ کە بە هەڵە و بە شێوەی دەسکرد لە لایەن «زۆرداران» و «دیپلۆماتەکان»ەوە دانراوە. لە بەرامبەر ئەو واقعییەتە قیزەونەشدا، خواستی بەناو خەڵک، هاوڕێ لەگەڵ پێویستیی ڕەها[53]ی خۆی سەبارەت بە داخوازیگەلێکی بێئەملاوئەولا وەک «ئازادی»، «دادپەروەری» و «مرۆڤایەتی»، دانراوە. ... ئەوان دەتوانن هەزاران جار خوازیاری «ئازادی»ی ئەم شتە و ئەو شتە بن؛ هەڵبەت ئەگەر نەکرێ جێبەجێ ببێت، ڕوونادا و هەر کارێکیش بکرێ هەر لە ئاستی «خەونێکی پووچ»دا دەمێنێتەوە. ... تەنیا قسەیەکە (بێقازانجە) سەبارەت بە « برایەتیی جیهانیی خەڵک» و دامەزراندنی سنوورگەلێک کە «لە لایەن دەسەڵاتی خواستی خودی خەڵکەوە لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیانەوە بووە». ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکزیک هەر دووکیان سیستەمێکی کۆمارین؛ لە هەردوکیاندا خەڵک دەسەڵاتی بە دەستە. کەوابوو چۆن وای لێهات کە لە نێوان ئەو دوو کۆمارەدا، کە بە پێی تیۆریی ئەخلاقیی مۆڕاڵ[54] دەبوو «برایانە[55]» و «یەکگرتوو[56]» بن، لەسەر

[53] Categorical Imperative
[54] Moralistic Theory
[55] Brotherly
[56] Federated

> ویلایەتی تێگزاس شەڕ ڕووی دا: کە «خواستی دەسەڵاتداری» خەڵکی ئەمەریکی بە پشتیوانی خۆبەخشە ئەمریکییە بوێرەکانەوە، سنوورەکانی ئەمەریکایان ـ کە سروشت خۆی داینابوو ـ چەندسەد مایل بۆ لای باشوور هێنا بەرەوە و ئیدعایان دەکرد ئەو کارە لە ڕووی پێویستیی جوگرافیایی، بازرگانی و ستراتێجیکەوەیە.

وڵامی مارکس بۆو پرسە تەشەراوییە Ironic ڕوون و ئاشکرایە. «دەوڵەتنەتەوەکان» تەنانەت لە شێوەی کۆماریشدا، ئەو جۆرەی کە لیبێراڵەکان ناویان دەنێن و ئەنارکیستەکانیش دووپاتی دەکەنەوە، بەرهەم یان درکاندنی «خواستی خەڵک» نین. ئەمڕۆ «دەوڵەتنەتەوەکان» هەر ئەو ئامراز و چوارچێوەیەی دەسەڵاتداریی چینی بوورژوان کە لەوە پێش دەوڵەتە نانەتەوەییەکان بوون و هەر وەک ئەوانیش خولیای داگیرکردنن. دەوڵەتنەتەوەکان هەمان حەزی پێشوویان بۆ داگیرکەری، شەڕ و سەرکوتکردن هەیە ـ واتا حەز دەکەن ببنە «نانەتەوەیی[57]». هەر بۆیە لە نێوان دەوڵەتە «نەتەوەییەکان»دا شەڕ و پێکدادانی بەردەوام پەرە دەگرێ و تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆکەش، وەک بڵێین پەرجۆیەک ڕوو بدا و هەموو دەوڵەتەکان ببنە «نەتەوەیی»، ڕۆژێکی تر، دیسان دەست دەکەنەوە بە شەڕ، داگیرکەری و زوڵموزۆر. ئەو نموونەیەی مارکس لەو بابەتەدا باسی دەکا، زۆر باو و جێی سەرنجە. شەڕی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکزیک بۆ چی و لەسەر چی ڕووی دا؟ کالیفۆڕنیا بۆ گەشەی سەرمایەداریی ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر پێویست بوو، بەر لە هەموو شتێک، لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا، چونکە هەم خەزێنەی زێڕی لێ بوو و هەم دەروازەیەک بوو بۆ ئۆقیانووسی پاسیفیک. سەرمایەداریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنیا بە داگیرکردنی ئەو ناوچەیە دەیتوانی لە ئۆقیانووسێکەوە بۆ یەکی تر تێپەڕێ، خۆی سەقامگیر کات و کەلەبەرێک بۆ ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بۆ خۆی بکاتەوە. بەڵام کالیفۆڕنیا بۆ مەکزیکییە دواکەوتووەکان تەنیا وەک بەشێک لە چوارچێوەی خاکی وڵاتەکەیان وابوو. بەرژەوەندییەکانی بۆرژوای گرینگ و چارەنووسساز بوون. چەمکی «دەوڵەتنەتەوە» کە بە ناوی «خواست و ئیرادەی خەڵک»ەوە لە لایەن ئەنارکیستەکانەوە وەک بوتی لێ

---

[57] Non-National

هاتبوو و کڕنۆشی بۆ دەکرا، لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریدا، بوو بە ئامرازێکی کارامەی داگیرکردن.

بەڵام مێژووی ئەمەریکای باشووری نوێ، تەنانەت نموونەگەلێکی زۆر سەیر و سەمەرەتری لەو بوارەدا خولقاندووە. لەوە پێش، تایبەتمەندیی دوولێوارە[58]ی ڕزگاربوونی «نەتەوەیی» کۆلۆنییەکانی ئیسپانیا و پورتوگالی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەممان، باس کرد. لێرەدا مێژووی سیاسیی دواتری ئەوان، کە ئێستا ببوونە دەوڵەتنەتەوەی سەربەخۆ، وەک وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لەو وتە ئەنارکیستییەکانەی سەبارەت بە «ئازادیی نەتەوەیی» و «خواستی خەڵک»ن، دەخەینە بەر وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە.

بەڕازیل دوای خەبات و ململانێیەکی سەخت لە ساڵی ١٨٢٥دا ئازادیی خۆێ لە پورتوگال سەند. هەر لەو ساڵەشدا شەڕێک لە نێوان بەڕازیل و ئارجەنتین (کە تازە سەربەخۆیی خۆی لە دەسەڵاتی ئیسپانیا سەندبوو) لەسەر پارێزگای **باندا ئۆریێنتال** [59]دەستی پێ کرد. هەر دووکی ئەو دوو دەوڵەتنەتەوەیە دەیانویست ئەو پارێزگایە داگیر بکەن، بەڵام دواتر بۆ خۆی لە ژێر ناوی کۆماری ئۆرۆگوای سەربەخۆیی وەدەس گرت، هەڵبەت تەنیا بە پیاوەتیی خۆتێهەڵقورتاندنی نیزامی وڵاتە ئەورووپییەکان کە بەرژەوەندیی کۆلۆنیاییان لە ئەمەریکای باشوور هەبوو توانییان سەربەخۆ بن. فەڕەنسا و وڵاتە ئەورووپییەکانی تر، ئۆڵتیماتۆم[60]یان بە ئارجەنتین دا (کە دەس هەڵگرێ)، چونکە کەلەڕەقانە ئامادە نەبوو سەربەخۆیی ئۆرۆگوای و پاراگوای بە فەرمی بناسێت. لە ئەنجامدا شەڕێکی تر بە بەشداری پاراگوای، ئۆرۆگوای و بەڕازیل (دژی ئارجەنتین) لە ساڵی ١٨٤٥دا ڕووی دا. دیسان لە ساڵی ١٨٥٠دا شەڕێکی تر لە نێوان بەڕازیل و ئارجەنتین سەری هەڵدا کە لەودا لە پێشدا بەڕازیل بە یارمەتیی پاراگوای و ئۆرۆگوای شکستی بە ئارجەنتین هێنا بەڵام دواتر لە ڕاستیدا ئۆرۆگوای داگیر کرد. لە ساڵی ١٨٦٤دا بە شێوەی فەرمی ئۆرۆگوای «سەربەخۆی» بە کردەی نیزامی ناچار بە تەسلیمبوون کرد. پاراگوای دژی ئەو کارە سەری هەڵدا و شەڕێکی دژی بەڕازیل ڕاگەیاند کە دواتر

---

[58] Double-Edged
[59] Banda Oriental
[60] Ultimatum

ئارجەنتین و ئۆرۆگوایش ڕەگەڵی کەوتن. ئەو شەڕە کە لە ساڵی ١٨٦٥ـەوە تا ساڵی ١٨٧٠ درێژەی بوو لە کۆتاییدا پێگەی زلهێزی دەسەڵاتداری ئەمەریکای باشووری بۆ بەڕازیل دابین کرد، بەڕازیلێک کە زیاتر لەوەی لە ژێر دەسەڵاتی «خواست و ئیرادەی خەڵکدا» بێ، بە خواست و بەرژەوەندیی خاوەن کێڵگەکانی قاوەوە بەڕێوە دەچوو. لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، هەڵبەت تەنیا دوای شەڕە ناوخۆییەکان لە ساڵی ١٨٧١دا، کە بوو بە هۆی ڕاگەیاندنی ڕزگاریی کۆیلەکان بەڵام بە قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانیان لە سەر گیرفانی دەوڵەت، باسی ئەوەی تێدا نییە کە سپیپێستەکان (کە کەمتر لە یەک لە سێی جەماوەر پێک دێنن) بە سەر ڕەشپێستەکان و ڕەگەزە تێکەڵاوەکانی تردا دەسەڵاتدارییان کردبێت. بەڵام پەرلەمان کە داردەستی خاوەن کێڵگەکان بوو، دەنگی بەو کارە (قەدەغەکردنی کۆیلایەتی) نەدا و کۆیلایەتی هێشتا هەر بەڕێوە دەچوو. لە ساڵی ١٨٨٦دا ئازادکردنی ئەو کۆیلانەی سەرووی حەفتا ساڵیان تەمەن بوو ڕاگەیێندرا؛ وادیار بوو ئەوانی تر دەبوو حەڤدە ساڵی تر بۆ ڕزگار بوونیان چاوەڕێ بن. بەڵام لە ساڵی ١٨٨٨دا پارتی زنجیرە پاشایەتی کە هەوڵی دەدا تاج و تەخت بپارێزێ، بە زۆر پەرلەمانی ناچار کرد یاسای لەناوبردنی کۆیلەداری بەبێ قەرەبووکردنەوە دەربکات و هەر ئەوەش بۆ بزووتنەوەی کۆماریخوازی داهاتوو بوو بە هۆکاری سەرهەڵدان. خاوەن کێڵگەکان سەرجەم لە پشت تابلۆی کۆماریخوازی ڕاوەستان و لە کوودەتای نیزامیی ساڵی ١٨٨٩دا بەڕازیل وەک دەوڵەتی کۆماری ڕاگەیێنرا.

دۆخی ناوخۆ و ڕووداوەکانی ئەمەریکای باشوور لە کاتی هاتنەئارای «دەوڵەتنەتەوەکان» و دامەزرانی «خواستی خەڵک»ـەوە، ئاوا سەرنجڕاکێش بووە. تەواوکەری جوانی ئەو وێنەیە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئۆسترالیاوە هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە زۆر بە زەحمەت توانیبوویان لە دۆخی کۆلۆنییئینگلتڕابوون بێنە دەر و ئازادییان بەدەس بێنن ـ جا چ بە شێوەی دەوڵەتی کۆماری یان سیستەمی فێدێڕال بێ، کە هەمان ئایدیالی لێدوانەکانی باکونینییەکانە[61] ـ کاتێک سیاسەتی هێرشبەرانەیان لە هەمبەر هیبریدە نوێیەکانی[62] نزیک گینەی نوێ[63]

[61] Bakuninist Phraseology
[62] New Hebrides
[63] New Guinea

بەکار هێنا و بە لاساییکردنەوەیەکی شارەزایانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دۆکتۆراینی نەتەوەیی تایبەتی خۆیان ڕاگەیاند کە دەڵێ: «ئۆستڕالیا دەبێ ئی هەموو ئۆستڕالیاییەکان بێ». هەر لەو کاتەشدا هێزی دەریایی ڕوولەزیادبوونی یەکێتیی ئۆستڕالیاش جەخت لەسەر ئەو دۆکتۆڕاینە دەکاتەوە.

ئەگەر لە لایەکەوە سەربەخۆیی سیاسی، یان هەمان دەوڵەتنەتەوە، هەر لەبەر ئەوەی دەوڵەتنەتەوە ئامرازێکە بۆ زاڵبوون (یان کۆنترۆڵکردن) و داگیرکەری، بۆ سەرمایەداری و بەرژەوەندیی چینایەتیی بۆرژوای زۆر پێویستە، لە لایەکی ترەوە چینی کرێکاریش خولیای ناوەرۆکی فەرهەنگی و دێمۆکڕاتیکی ناسیۆناڵیزمە، واتە کرێکاران ئەو سیستەمە سیاسییانەیان بۆیە پێ خۆشە چونکە گەشەی ئازادی فەرهەنگی و دێمۆکڕاتیکی ئەوان لە ژیانی نەتەوەییدا ـ لە ڕێی بەرگریکردنەوە نەک داگیرکەری ـ لە کەشی یەکپارچەیی و هاوکاریی ئەو نەتەوە ڕەنگاوڕەنگەنەی وا لە بواری مێژووییەوە سەر بە هەمان دەوڵەتی بوورژواییین، دابین دەکا. یەکسانبوونی نەتەوە و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە هەمبەر یاسا و دابینبوونی گەشەکردنی فەرهەنگی و نەتەوایەتی، شێوە و چوارچێوە گشتییەکانی بەرنامەی پڕۆلیتاریان؛ واتە هەمان بەرنامەی سروشتی کە بەرهەمی پێگەی چینایەتییەکەیەتی و بە پێچەوانەی ناسیۆناڵیزمی بۆرژواییە.

## II

سەلمێنەر و جەختکەرەوەی ئەو پرەنسیپە گشتییانە، بەناوبانگترین کێشەی نەتەوایەتیی ناو دەوڵەتی ڕووسیایە، واتە پرسی پۆڵەندا.

لە پۆڵەندا بزووتنەوەی نەتەوەیی هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندییەکی یەکسەر جیاوازی لە ئەورووپای ڕۆژاوا هەبوو. ئەو کەسانەی کە دایانەوەی مێژوویی بیرۆکەی نەتەوەیی پۆڵەندا لەگەڵ مێژووی ئیتالیا و ئەڵمانیای ئەمڕۆکە لە بەرامبەر یە دانێن و هەڵیان سەنگێنن، تێگەیشتنی هەڵەی خۆیان لە گەوهەری ڕاستەقینەی مێژوویی بزووتنەوەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیا و هەروەها پۆڵەندا لە قاو دەدەن. بە لای ئێمەی

پۆڵەندییەوە، بیرۆکەی نەتەوایەتی بیرۆکەی چینی نەجیبزادەکانە nobility بووە و هەرگیز ئی بۆرژوای نەبووە. بنەمای ماديی ئاواتە نەتەوەییەکانی پۆڵەندا، وەک ئەورووپای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، لە لایەن گەشەکردنی سەرمایەداریی نوێوە دیاری نەکراوە، بەڵکوو، بە پێچەوانە، بە بیرۆکەی نەجیبزادەیی دیاری دەکرا کە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی کە ڕیشەی ئابووریی سروشتیفێۆدالییەوە گرتبوو.

بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی پۆڵەندا لەگەڵ ئەو پێوەندییە فێۆدالییانە پێکەوە لە ناو چوون؛ هەر لەو ماوەیەشدا بۆرژوای وەک وتەبێژی مێژوویی گەشەکردنی سەرمایەداری، هەر لە سەرەتاوە وەک فاکتەرێکی دژە نەتەوەیی ئاشکرا، لەگەڵمان بوو. ئەو شتە تەنیا بە هۆی سەرچاوەی تایبەتی بۆرژوایی سەدەی نۆزدەیەم نەبوو کە نامۆ، نایەکڕەنگ و بەرهەمی کۆلۆنیکردنە و وەک گیایەکی نامۆ ڕاگوێزراوەتە ناو خاکی پۆڵەندا و لەوێ چەقێندراوە. هەروەها ئەو حەقیقەتەش دیاریکەر بوو پیشەسازی پۆڵەندا هەر لە سەرەتای خۆیەوە، واتە لە دەیەی ١٨٢٠وە هەتا دەیەی ١٨٣٠، پیشەسازیی هەناردەکردن بوو، تەنانەت بەر لەوەی بازاڕی ناوخۆ بەڕێوەبەرێ یان کۆنترۆڵ بکات یان تەنانەت دروستیشی بکات. ئێمە لێرەدا هەموو ئامارەکانی گەشەکردنی پیشەسازیی وڵاتەکەمان باس ناکەین، بەڵکوو خوێنەر ئاماژە دەدەین بە گێڕانەوەی گۆڤاری **گەشەکردنی پیشەسازیی پۆڵەندا** the industrial development of Poland (کە لە ڕووسیاش چاپ کرا)، هەروەها کاری کراکۆف لە ساڵی ١٩٠٥ بە ناوی **پرسی پۆڵەندا و بزووتنەوەی سۆشیاڵیست** the polish question and the socialist movement. لێرەدا تەنیا گرینگترین سەردێڕەکانی ئەو گەشەکردنە دەگێڕینەوە.

هەر لە سەرەتاوە هەنارەکردنی کاڵا بۆ ڕووسیا، بە تایبەت لە بەشە سەرەکییەکانی وەک بەرهەمی چنین (ی پارچە و کووتاڵ)، بوو بە بنەمای بوون و مان و گەشەکردنی سەرمایەداریی پۆڵەنداو بوو بە بناغەی بۆرژوایش. لە ئەنجامدا بۆرژوایی ئێمە هەر لە سەرتاوە لایەنگریی سیاسیی ڕۆژهەڵات واتە ڕووسیا بووە، نەک ڕۆژاوا یان یەکێتی نەتەوەیی گالیسیا و تەختی (ڕژێمی) پاشایەتی. ئەو لایەنگرییانە دوای پاشەکشەی ئەو نەریتانەی لەمپەری نێوان ئیمپراتۆریەت و پاشایەتیی پۆڵەندا بوون، لەگەڵ گەشەکردنی

*پیشەسازیی گەورە*[64] ، زیادی کرد. بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینەی چینی بوورژوا لە کۆمەڵگادا دوای سەرهەڵدانی بێئاکامی ژانوییەر دەستی پێ کرد (١٨٦٣). دەسەڵاتداریی نوێ بە «بەرنامەی کاری ئۆرگانیک»ەوە هاتە ئاراوە کە بە مانای لەبیرکردنی سەربەخۆیی نەتەوەیی بوو. دوای ئەوەش دەسەڵاتداریی چینی بوورژوا لە پۆڵەندا نەک وەک ئەڵمانیا و ئیتالیا خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتنەتەوەی یەکگرتوو نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانە، لەسەر بنچینەی داگیرکەری و دابەشکاریی پۆڵەندا هاتە ڕوو. بیرۆکەی یەکپارچەکردن و سەربەخۆیی نەتەوەیی شیلەی ژیانی خۆی لە سەرمایەدارییەوە وەرنەدەگرت؛ بەڵکوو لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداری ئەو بیرۆکەیەش لە بواری مێژووییەوە تەمەنی درێژ بۆوە. خودی ئەو دۆخەش، واتە پێوەندیی مێژوویی تایبەتی نێوان بۆرژوایی سەرمایەداری لەگەڵ بیرۆکەی نەتەوەیی لە وڵاتی ئێمەدا، بۆ چارەنووسی ئەو بیرۆکەیە بڕیاردەر بوو و تایبەتمەندیی کۆمەڵاتیی ئەوی پێناسە دەکرد. لە ئەڵمانیا و ئیتالیا، هەروەک یەک سەدە لەوە پێشی ئەمەریکای باشوور، «ژیانەوەی نەتەوەیی» لەگەڵ خۆی هەموو ئاسەواری فکری شۆڕشگێڕی و هێرشبەری هێنابوو. گەشەکردنی سەرمایەدارانە ئەو بیرۆکە نەتەوەییەی لە ئامێز گرت و، ئەگەر لە بواری مێژوویەوە بدوێین، لەگەڵ ئایدیالە سیاسییەکانی شۆڕشگێڕیی بۆرژوای پەرەی پێدا: واتە لەگەڵ دیموکراسی و لیبێڕالیزم. بیرۆکەی نەتەوەیی، ڕێک هەر بەو مانا مێژووییە، تەنیا بەشێکی ورد لە بەرنامەی چینایەتیی گشتیی بۆرژوای ـ واتە دەوڵەتی نوێی بۆرژوای ـ بوو. لە پۆڵەندا دژایەتییەک لە نێوان بیرۆکەی نەتەوەیی و گەشەکردنی بۆرژوای سەری هەڵدا کە تایبەتمەندیی نەک هەر یۆتۆپیایی بەڵکوو کۆنەپەرستانەشی بە بیرۆکەی نەتەوەیی بەخشی. ئەو دژایەتییە لە سێ قۆناغی مێژووی بیرۆکەی سەربەخۆیی نەتەوەیی پۆڵەنداوە دەردەکەوێ.

یەکەمیان شکستی خەباتی چەکداریی نەجیبزادەیی پۆڵەندایە. تەنیا لایەنگرانی پڕجۆش و خرۆشی تیۆریی «توندوتیژی و زۆرداری» لە فەلسەفەی مێژوودا، ئەو شکستەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی (خەڵکی) پۆڵەندا، وەک تەنیا زاڵبوونی نێزەلەدەستانی ڕووسی شرۆڤە ناکەن، بەڵکوو هەر کەسێک شتێک لە ئابووریی نوێ و مێژووی کۆمەڵایەتی پۆڵەندا

---

[64] The development of big industry

تێ بگات دەزانی کە شکستی یاخییە نیزامییەکان هەر بە دەس هەمان بەرژەوەندیی بازاڕی سەرمایەداری ڕێگەی بۆ خۆش کرا و بە وتەی کائوتسکی لە جێیەکی تر یەکێک لە بنچینە سەرەکییەکانی بیرۆکەی نەتەوەیی نوێی هەبوو. هەوڵەکانی بۆرژوای بۆ ئەوەی مەرجەکانی وەبەرهێنانی بەربڵاوی سەرمایەداری بۆ خۆی دابین بکات، ویستی دەوڵەتنەتەوەی تێدا نییە؛ بەڵکوو بە پێچەوانە بۆرژوای بە دوای ئەوەوە بوو کە لە لکاندنی ئەو (بە قازانجی خۆی) کەڵک وەرگرێ و بزووتنەوەی نەتەوەیی نەجیبزادەکان لەکار بخات. کەوابوو (لە پۆڵەندا) بیرۆکەی یەک دەوڵەتنەتەوە، کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی بوورژواییە، لە لایەن خودی بۆرژواییەوە هەڵوەشێنرا و لە سەرهەڵدانی مانگی ژانوییەری ساڵی ١٨٦٣دا شکستی پێ هات.

دووەمین قۆناغیش، میراتی بیرۆکەی نەتەوەیی پۆڵەندی لە لایەن وردەبۆرژواییەوە بوو. بیرۆکەی نەتەوەیی لەو شێوازەدا لە خەباتی چەکدارییەوە گۆڕا بۆ سیاسەتی بێلایەن و لە هەمان کاتیشدا وردەوردە لاوازبوونی خۆی نیشان دا. دوای ئەوەی بیست ساڵ دوور لە کۆمەڵگا بە ئاوارتەیی درێژەی بە ژیانی دا ـ ناسیۆناڵیزمی وردەبوورژوایی لە دەیەکانی هەشتا و نەوەددا بە شێوەی هەندێک تەواوپۆڵەندایی نیشتمانپەروەر لە کۆچبەریدا درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا ـ لە کۆتاییدا دوای دەسپێکی سەردەمی ئێستای شۆڕشگێڕی، وەک پارتێکی چالاک لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاتە ڕوو.

ناسیۆناڵ دیموکراسی دوای ئەوەی بە ئاشکرایی بەرنامەی سەربەخۆیی نەتەوەیی وەلا نا، چونکە پێی وابوو یۆتۆپیایەکە کە قەت دەستەبەر ناکرێ و بە جێی ئەو دوو دروشمی خۆبەڕێوەبەریی[65] وڵات و دژبەریی شۆڕشی[66] لە بەرنامەکەیدا گونجاند، هاتنی خۆی بۆ ناو قۆناغی چالاکیی سیاسی ڕاگەیاند. ئێستاکە «ناسیۆنال دیموکراسی» دوای وەلانانی کێشیی هاوسەنگیی بەرنامەی نەریتیی نەتەوەیی، دەسبەجێ بوو بە هێزی سیاسیی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگادا. بەرنامەی دەوڵەتنەتەوە، دوای ئەوەی لە شێوەی

---

[65] Autonomy
[66] Counter-Revolution

وردەبۆرژوای دووەمدا سەر نەکەوت، جێگاکەی درا بە بەرنامەیەک کە لەسەر بنچینەی بۆرژوایی پۆڵەندا کردەیی و دەستەبەر دەکرێ ـ واتە بەرنامەی خۆبەڕێوەبەری.

دوای هەموو ئەوانە سێهەمین و دوایین قۆناغ لە مێژووی بیرۆکەی نەتەوایەتی لە پۆڵەندا، هەوڵ و تێکۆشان بۆ لکاندنی ئەو بیرۆکەیە بە بزووتنەوەی چینایەتیی پرۆلیتاریاوەیە. ئەزموونی بیست ساڵەی نیشتمانپەروەریکۆمەڵایەتیی PPS، تەنیا ئەزموونێک بوو لە مێژووی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کرێکاران کە لەوێدا دروشمی دەوڵەتنەتەوە بەشێک لە بەرنامەی سۆسیالیستی بوو. ئەو تاقە ئەزموونە دوای بیست ساڵ، رێک لە قەیرانێکی هاوشێوەدا و بە ڕەوشتێکی هاوشێوەی ئەزموونی وردەبۆرژوای، کۆتایی پێ هات. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی کرێکارانی ڕووسیا (1905)، PPS بۆ ئەوەی بەشدارییەک لە سیاسەتی کردەیی و ژیانی کۆمەڵگادا بۆ خۆی دابین بکات بە ئاشکرایی لە بەرنامەی سازکردنەوەی پۆڵەندا پاشەکشەی ڕاگەیاند. ناسیۆناڵ دیموکراسی بۆ ئەوە لەو بەرنامەیە پاشگەز بۆوە کە بەشدارییەکی چالاکانەی لە (ڕەوتی) دژبەرایەتیی شۆڕشی چینی ناوەڕاستدا هەبێت؛ PPS یش بۆیە وای کرد هەتا گوشارێک بێنێتە ئاراوە بۆ بەرژەوەندیی شۆڕشی پرۆلیتاریا.

ئەو پاشگەزبوونەوەیە قەیران، دابەزین و دارمانی PPS ـی بە دوای خۆیدا هێنا و سێیەمین و دوایین تێکشکانی بیرۆکەی دەوڵەتنەتەوەی پۆڵەندی لێ کەوتەوە ـ بەڵام ئەمجارەیان چارشێوی پرۆلیتاریای بەسەردا کشابوو. ئەو شۆڕشەی هەنووکە، کە بەتواناترین سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتیی سەردەمی نوێیە و هەموو بنچینەکانی ژیان هان دەدا بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن و لە هەمان کاتیشدا تەواوی بناغەکانی کۆمەڵگا بە گاسنێکی گەورە دەکێڵێ، دوایین شوێنەواری بیرۆکەی دەوڵەتنەتەوەی پۆڵەندی لە ناو برد، چونکە پێی وابوو تێکولێکی پووچە کە بەرەوپێشچوونی مێژوو هەموو ناوەرۆکەکەی لە ناو بردووە و تەنیا دەتوانێ لە جەنگەی کێشەکانی چاخی گەڕانەوەخوازیدا، لە ناو وێرانەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە.

بەڵام ئەرکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی پۆڵەندا هێشتا کۆتایی نەهاتبوو. لە ڕاستیدا لە ڕواڵەتی بیرۆکەی دەوڵەتنەتەوەدا ژیانی بەسەر چووبوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا خۆی لە

مۆتەکەیەکی یۆتۆپیاییەوە گۆڕیبوو بۆ فاکتەرێکی واقعبینانەی ژیانی کۆمەڵایەتی. گەشەکردنی بۆرژوای‌سەرمایەداری، پۆڵەندای بە ڕووسیاوە بەستبۆوە و بیرۆکەی سەربەخۆیی نەتەوەیی ناچار بەرەو یۆتۆپیانیزم و داڕمان بردبوو. بەڵام ئەودیوی ئەو ڕەوتە بوورژواییە، گەشەکردنی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای پۆڵەندییە. هەموو دیاردەکان و فاکتەرەکانی پێشکەوت لە پۆڵەندا و لە سەرووی هەمووشیان فاکتەری سەرەکیی ئەو کە هەمان پێگەی پرۆلیتاریا و ڕۆڵی ئەوە لە شۆڕشی گشتی لە ئیمپراتۆریەتی تزاریدا، بناغەکانی هەر ئەو گەشەکردنە بوورژواسەرمایەدارییەی پەرە پێداوە. پێشکەوتی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی پۆڵەندا بەو شێوەیە، بە پێوەندیگەلێکی مێژوویی پتەو کە لەگەڵ پۆڵەندا و ڕووسیا یەکپارچەیە و بیرۆکەی نەتەوایەتیی پۆڵەندای خستە ژێر خاک، لەگەڵ ڕەوتی سەرمایەداری یەکتریان گرتووە. لە ئەنجامدا هەموو ئەو ئاواتە جیاییخوازانەی داواکاری بەرزکردنەوەی سنوور و لەمپەرێکی دەسکرد لە نێوان پۆڵەندا و ڕووسیا بوون، لە گەوهەردا دژی بەرژەوەندییەکانی پێشکەوتی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی شۆڕشگێڕانە بوون؛ واتە هەموویان ڕەنگدانەوەی کۆنەپەرستی بوون. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بیرۆکەی نەتەوەیی دوای شکستهێنانی کۆتایی بەرنامەی دەوڵەتنەتەوە و سەربەخۆیی نەتەوەیی، لە بیرۆکەیەکی گشتی و پێناسەنەکراوی جیابوونەوەی نەتەوەییدا کورت بۆوە و بەو شێوەیە ناسیۆنالیزمی پۆڵەندی بوو بە شێوەیەک لە کۆنەپەرستیی کۆمەڵایەتیی کە لە لایەن داب و نەریتەوە پشتیوانی لێ دەکرا. بیرۆکەی نەتەوایەتی بوو بە مەتاڵێکی ئایدیۆلۆجیکی هاوبەش بۆ ئاواتی کۆنەپەرستانەی هەموو وارگەی چینە بۆرژواکان، نەجیبزادەکان، چینی ناوەڕاست و وردەبۆرژوای. سەلمێنراوە کە باس و بەڵگەهێنانەوە مێژووییەکان زۆر زیاتر خەیاڵی، نەرم و لایەنگری هەمەڕەنگین تا مەبەستی سیاسەتوانان، ئەوان لە چنگی وتە کلێشەییەکاندا گیریان کردووە و لە چۆڵەواری زەینیی «مافی نەتەوەکان»دا خەریکی بیر و گومان کردنەوەن. خەڵکێکی زۆری ڕووسی، ئەڵمانیایی و شۆڕشگێڕەکانی تر لایەنگری ئەوە بوون ـ و ئێستاش هەن ـ کە «نەریتی نەتەوایەتی» وەک کەشتییەکی مێژوویی دانێن کە لە گەوهەردا هەمیشە ئامانجی ئەوەیە هەموو ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکان هەڵقۆزێتەوە و لەگەڵ خۆی بیانبا، وەک گوێماسیلکە ـ بە پێی ئەفسانەکان ـ کاتێک بەمردوویی دەگاتە قەراغ ئاو، کە بە گوێیەوە

بنێی هەر هاژەی دووری شەپۆلەکانی دەریا دووپات کاتەوە. ئەو «نەریتە نەتەوەییە»[67] لەو هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە هەستەکییانەدا کە پۆڵەندی ئێستای خوڵقاندووە، ڕێک پێچەوانە دەبنەوە: واتە دەبنە کەشتییەک بۆ هەر جۆرە کۆنەخوازییەک یان هەمان مەتاڵێک بۆ دژایەتی لەگەڵ شۆڕش. لە ژێر دروشمی «نەریتی نەتەوایەتی»دا هەڵبژاردنی ناسیۆناڵ دیموکراسی بۆ یەکەم دووما Duma بەڕێوە چوو کە لە لایەن قەزاقەکانەوە[68] لە هەمبەر ڕەخنە و تانەی پڕۆلیتاریای پۆڵەندی، پشتیوانی لێ کرا. ناسیۆناڵ دێمۆکڕاتەکان لە ژێر ناوی «بیرۆکەی نەتەوەیی»دا بە تەقەکردن کرێکارە سۆشیال دێمۆکڕاتەکانیان ڕاونا و نایانهێشت کۆبوونەوەکانی پێش هەڵبژاردن بەڕێوە بەرن و تەنانەت لە شارەکانی وەرشەو، لۆدز[69] و پابیانیس[70]، کرێکارانێکی زۆریان کوشت. ناسیۆناڵ دیموکراسی «یەکێتییە نەتەوەییەکان»ی کرێکارانی لە ژێر دروشمی نەتەوایەتیدا ڕێک خست بۆ ئەوەی بەرپەرچی خەباتی ئابووری و کردەی شۆڕشگێڕیی پڕۆلیتاریا بدەنەوە. لە ژێر دروشمی نەتەوایەتیدا، کرێکارانی ناسیۆناڵ دێمۆکڕاتیک، مانگرتنی ڕێگەی ئاسنیان تێکشکاند ـ کە لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٠٥ لە پۆڵەندا دەستی پێ کرد ـ و بە زۆری چەک کرێکارانی مانگرتوویان ناچار کرد بگەڕێنەوە سەر کارەکەیان. ناسیۆناڵ دیموکراسی دەستیان کرد بە شەڕ دژی مانگرتنی گشتی و هەموو شێوە مانگرتنەکانی تر، بەو ئیدعایەی کە خۆیانن خەریکن (کاروباری) «پیشەسازیی وڵات و سامانی نەتەوەیی»[71] برێوە دەبەن. بازنەی پۆڵەندی لە دوومادا لە ژێر دروشمی نەتەوەییدا لە بەشداری لە لێکدانەوەی مانیفێستی ڤایبۆرگ[72] و ڕاگەیاندنی خودی ئەو مانیفێستەی ڤایبورگ، دوای هەڵوەشانەوەی دووما، دەستی کێشاوە.

ناسیۆناڵ دیموکراسی لە ژێر دروشمی نەتەوایەتیدا، ڕێکخراوەیەکی بە ناوی «هەڵۆکانی پۆڵەندی[73]» پێک هێنا و تا ڕادەیەک چەکی خستە شانی دەستە شەڕکەرەکان

---

[67] National Tradition
[68] Cossacks
[69] Lodz
[70] Pabianice
[71] Country's industry and the national wealth
[72] Vyborg Manifesto Deliberations
[73] Polish Falcons

بە مەبەستی ئەوەی سۆشیالیستەکان بکووژن و پێش بە ئەگەری مانگرتن بگرن و کاری تری ئەو شێوەیە بکەن. جەنابی دمۆفسکی[74] سەرۆکی ناسیۆناڵ دیموکراسی لە ئۆرگانی فەرمیی خۆیدا ڕایگەیاند «سۆشیالیستەکان دەرەکین» و بەو پێیە «دوژمنی بیانی» لەقەڵەم دەدرێن و بەو شێوەیە هەر لە پێشەوە بیانو و پاساوی بۆ کوشتنی «نەتەوەیی» سۆشیالیستەکان ڕێک دەخست. لە کۆتاییشدا دیسانیش لە سەرووی هەموانەوە بۆرژوایی پۆڵەندی و ناسیۆناڵ دیموکراسی، لە ژێر دروشمی بیرۆکەی نەتەوەیی، داهاتووی نەتەوە و بەرگریی نەتەوەییدا، بە ئاشکرایی «بە بێ هیچ مەرجێک[75]» لە «پان سلاڤیزمی نوێ[76]»، واتە ڕیزی بەکرێگیراوانی ڕەهاخوازی[77] و «بیرۆکەی نەتەوەیی» ڕووسی، پشتیوانی کرد. دوایین پاشماوەی بەرنامەی سیاسیی «نەتەوەیی»ش - واتە خۆبەڕێوەبەریی پۆڵەندا - بەو شێوەیە لەبەر دەم دژایەتیی شۆڕشدا سەری بڕا. بەو جۆرە بیرۆکەی نەتەوایەتیی پۆڵەندا بە هەڵسوکەوتی نالەباری مێژوو، هەموو قۆناغەکانی دابەزین و دارمانی تێپەڕ کرد. لە کاتێکدا کە کار و پیشەی سیاسیی خۆی وەک یاخییەکی ڕۆمانتیکی نەجیبزادە دەس پێ کردبوو و لە لایەن شۆڕشی ئینتەرناسیۆنالیشەوە شکۆی پێ دەدراو و ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵام ئێستاکە وەک لات و چەقۆکێشێکی نەتەوەیی، کۆتایی پێ هاتووە؛ واتە بۆتە خۆبەخشێکی بڵەک هاندرێدزی ڕەهاخوازیی و ئەمپێریالیزمی ڕووسیا.

---

[74] Mr Dmowski
[75] With No Reservations
[76] Neo-Pan-Slavism
[77] Absolutism